# بەخشش و زەمالەی توێژینەوە لە وولاتی بەریتانیا بۆ سالی ٢٠٢٦

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە خۆشحاڵییەوە ڕایدەگەیەنێت کە دەرگای وەرگرتنی داواکاری بۆ **بەرنامەی (British Institute for the Study of Iraq – BISI) بۆ سالی (٢٠٢٦) کراوەتەوە، بە مەبەستی پشتگیری سەردانی تایبەت بە توێژینەوە و ڕاهێنان بۆ وولاتی بەریتانیا و بە هێزکردنی هاوکاری ئەکادیمی و توێژینەوە لە نێوان دام و دەزگاکانی عێراق و وولاتی بەریتانیا، توێژەر و ئەو بەرێزانەی کە لە بواری شوێنەواری کەلتوری و کۆمەلگەی مەدەنی کاردەکەن دەتوانن سود لەم بەرنامەیە ببینن.**

ئەم بەرنامەیە دەرفەتێکی تایبەت دابین دەکات بۆ مامۆستایانی زانکۆ، خوێندکارانی دکتۆرا، پسپۆڕانی شوێنەواری کەلتووری و کارمەندانی کۆمەلگەی مەدەنی، بۆ ئەنجامدانی **توێژینەوە، ڕاهێنان و هاوکارییە زانستییەکان** لە دامەزراوەیەکی ئەکادیمی لە **شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)** بۆ ماوەیەک کە لە دوو مانگ زیاتر نابێت. ئامانجی بەرنامەکە بەهێزکردنی توانا توێژینەوەیی و پەرەپێدانی هاوکارییە ئەکادیمییە نێودەوڵەتییەکانە، بە تایبەتی لە بوارەکانی مێژوو، کۆمەڵگا، کەلتوور و میراتی عێراق.

### پشتگیرییەکانی ئەم بەرنامەیە:

بەرنامەکە ئەم خەرجیانە دابین دەکات:

- خەرجی گەشت و گوزارەوەی نێودەوڵەتی، لەگەڵ خەرجی ڤیزا
- نیشتەجێبوون و یارمەتی ژیان لە ماوەی سەردانەکەدا.
- خەرجی پەیوەندیدار بە دامەزراوەی خانەخوێ و چالاکییە توێژینەوەییەکان.
- بیمەی گەشت و پشتگیرییە لۆجستییەکان.

### مەرجەکانی بەشداریکردن

داواکار پێویستە:

- هاووڵاتی عێراق بێت و لە عێراق (لەوانەش هەرێمی کوردستان) نیشتەجێ بێت.
- مامۆستای زانکۆ، خوێندکاری دکتۆرا، پسپۆڕی شوێنەواری کەلتووری یان کارمەندی ڕێکخراوە ناحکومییەک بێت.
- پێشکەشکردنی داواکاری، دامەزراوەیەکی خانەخوێ لە شانشینی یەکگرتوو دیاری کردبێت.
- پیشانی بدات کە پرۆژەی پێشنیارکراوی چۆن یارمەتیدەری پەرەپێدانی توێژینەوە و پاراستنی شوێنەواری کەلتووری لە عێراق دەبێت.

### بوارەکانی توێژینەوە

بوارەکانی توێژینەوە بریتین لە:

- شوێنەوارناسی
- مرۆڤناسی

- مێژوو
- جوگرافیا
- زمانەکان
- هونەر، مرۆڤایەتی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بە مەرجێک پەیوەندییان بە مێژوو، کۆمەڵگا و کەلتووری عێراق هەبێت.

**دواکات بۆ پێشکەش کردن بریتیە لە ١٢/١ هەموو ساڵێک**

**بۆ زانیاری زیاتر، مەرجەکانی وەرگیران، رێنمایيەکانی پڕکردنەوەی داواکاری و فۆڕمی ئۆنلاین، تکایە سەردانی ئەم بەستەرە بکەن:**

https://www.bisi.ac.uk/grants-scholarships/bisi-visiting-iraqi-scholarship-scheme/